# تاراوگه
# TARAWGA

KURDISH
DIASPORA

تاراوگه بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە، لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچێت، ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە. سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

20 Maart. 2019 No. [37]
Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807

لە تاراوگەدا، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە..

پەیامێک بۆ هەڵبژاردنی ئەمڕۆی ئەنجومەنی گشتی شارەوانیی و هەرێمەکانی هۆڵەندا
پیرۆزبایی یادی جەژنی نەورۆز... ل 1

بە هۆرەی کام کێو ئاشنای، دووەم دیوانە شیعری مامۆستا عەبدوڵڵا کەریم مەحمود.....
لێدوانی: ساڵەح هەلاج.. ل 2

برایەتی و هەستی مرۆیی لەسەر بنەمای درۆ و ساویلکەیی بنیات نانرێت..بەکر شوانی ل 3

چیرۆکی ڕێی بەرەوئاسمان وەگێڕانی لە ئەڵمانیەوە مامۆستا م. ئارام– ل 4

چالاکییەکی ڕێکخراوی ماڵی کورد لە ئایندهۆڤن.. لە یادی 31 ساڵەی کیمیاباران و
جینۆسایدی هەڵەبجەدا ل5

هونەرمەندی شێوەکاری
کورد ئاری میرزا...ل8



KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەوالییە، لە هۆڵەندا دەردەچێت

20 Maart 2019
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
ژمارە 37
20 مارتی 2019

# جەژنە جەژنی کوردستانە جەژنی نەورۆزە

# بە تیشکی ئاگر دەنوسم جەژنە پیرۆزە

## هەڵوێستێک لەمەڕ هەڵبژاردنی شارەوانیەکانی هۆڵەندا

وێڕای پیرۆزباییمان بۆ سەرجەم کوردستانیانی تاراوگە بە گشتی و هۆڵەندا بە تایبەتی، بە بۆنەی هاتنی ساڵی نوێی کوردیی و جەژنی نەورۆزی پیرۆزەوە، هیواداریین ئەم نەورۆزە، ئاشتی و ئاسایش و کامەرانی بۆ سەرجەم گەلانی دنیا بگەڕێتەوە و گەلانی کوردستانیش لە وڵاتی خۆیاندا بە ئارامی و دیموکراسی بژین و ئازادی باڵ بەسەریاندا بکێشێت، بەدوور بن لە جەنگ و ئاژاوە و تیرۆر.

وەک دەزانین ئەمڕۆ هەڵبژاردنی هەرێمیەکانی هۆڵەندایە...گرنگە کوردانی نیشتەجێی هۆڵەندا، ئەم پرۆسەیە بەجدی وەربگرین و هەمووان ڕوو بکەینە بەردەم سندوقەکانی دەنگدان، وەک دەزانن لە ئێستادا گەلانی بێگانەی دیکەی ناو هۆڵەندا، بە تایبەتی ئەو گەلە سەردەستانەی بەشێک لە براکانمانیان لە ژێر قەڵەمڕەودایە و لێرە لەگەڵ ئێمەدا دەژین برەو بە لۆبەکانیی خۆیان دەدەن و بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاری دەهێنن، بەو هەنگاوە ئیشی لەسەر دەکەن بۆ سەرخستنی کاندیدەکانیان بۆ پەرلەمان و ئەنجومەنی شارەکانی هۆڵەندا، شاراوەش نییە ئەوانە چۆن لێمان دەڕوانن!،، بۆیە نەچوونمان بۆ دەنگدان لە دەستانی ئەو مافەیە و دیارییەکە پێشکەشی ئەوانی دەکەین چونکە ئەو دەنگەمان بەتاڵ دەبێتەوە و لەسودی دەنگدەرانی ئەوان دەبێت. با لای خۆمانەوە و خۆمان خانەوادە و نەوکانمان هان بدەین دەنگ بدەن، ئەگەر ساردیش بووبین لە دەنگدان و نیازی چوونمان نەبووبێت بۆ ئەم پرۆسەیە، دەتوانین لە بری ئەو کەسانە بە نوسراو (ڕێگە)مان پێبدەن وەک ئەوەی لەسەر پشتی کارتی دەنگدانەکە هاتووە ،،، هەڵبەتە ئازادن دەنگ بە کێ بدەین ئەوە نەبێت خەڵکانی توندڕەو و دژبە ئازادی و بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلە ستەمدیدەکەمان نەبێت لە هەر بەشێکی کوردستانەکەماندا.لەبەر ئەوە داواتان لێ دەکەین بچن بۆ دەنگدان و ئەو مافەڕەوایەی خۆتان مەفەوتێنن.

لە پەیامێکی هاوکارمان کاک (سیروان محمود)ەوە وەرگیراوە

## لە هەڵبژاردنەکانی ئەمڕۆ هەرێمەکانی هۆڵەندە،

## دەنگی خۆت بە فیڕۆ مەدە، بزانە دەنگ دەدەی بەکێ...؟


DONDERDAG 15 OKTOBER 1970 LEEUWARDER

We zullen de komende tientallen jaren vermoedelijk niet kunnen bezuinigen op de brandstoffenrekening. Het wordt voortdurend kouder. De afkoeling, die sinds 1960 op aarde geconstateerd wordt – tussen '40 en '60 daalde de gemiddelde temperatuur met 0.17 gr. C. – vindt nl. verder voortgang. Deskundigen geloven niet, dat de afkoeling zal leiden tot een nieuwe ijstijd. Over enkele decennia krabbelen we dus wel weer uit de put omhoog.

Geleerden zeggen met stelligheid

KLIMAAT WORDT KOUDER

(Van onze weerkundige medewerker)

Men kan zich afvragen hoe de meteorologen zo zeker van hun zaak kunnen zijn. Wel, zij putten hun wijsheid uit lange reeksen temperatuurwaarnemingen en, verder terug, uit historische aantekeningen over het weer, tot van vóór onze jaartelling. Verder geeft de zon stof tot overpeinzing. Gebleken is, dat de natuur zich herhaalt en weertypen creëert op basis van vaste ritmen. Het is met het weer in feite net zo als met de mode. Deze vernieuwt zich aan de hand van overjarige ideeën.

De Amerikaanse meteoroloog H. C. Willett komt ten aanzien van de weertypen (engros) tot een driedeling. In fase I volgen de oceaandepressies west-oost verlopende banen op lage breedten. In fase II volgen ze banen op hoge breedten. In fase III worden de depressies geblokkeerd door hogedrukgebieden in Noord-en Midden-Europa. Elke fase duurt enkele tientallen jaren.

Uit de waarnemingen valt af te leiden, dat de depressies van 1870 tot


Op bovenstaand kaartje een overzicht van de temperatuur, neerslag en zonneschijn in Friesland over de jaren 1957 tot en met 1966.

ئەمڕۆ کە ڕۆژی چوارشەممەی ڕێکەوتی 20 –03–2019 ە ڕۆژی هەڵبژاردنی هەرێمەکانی هۆڵەندایە. ئەم هەڵبژاردنە بەهاو گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، لای پارتە سەرەکیەکانی هۆڵەندا، چونکە لە ڕێگەی ئەم هەڵبژاردنەوە سەنگ و قورسای پارتەکان دەردەکەوێ بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی داهاتوو. چەق و قورسای بانگەشەی زۆربەی پارتە سەرەکیەکانی هۆڵەندا، بەتایبەت چەپەکان بۆ ئەم هەڵبژاردنە لە سەر گۆڕانکاری کەش و هەواو ژینگەو گەرمبوونی گۆی زەوییە، بەڵام پارتە ڕاستڕەوە نەژادپەرستەکان، هەر لە سەر بەرنامە پۆپۆلیستیەکەی خۆیان سوورن، بۆ بەدەست هێنانی زۆرترین کورسی هەرێمەکان. وێنەی سەرەوە یەکێک لە ڕۆژنامەکانی ساڵی 1970 ی هۆڵەندایە، کە باس لە ساردبوونی زیاتری گۆی زەوی دەکات لە داهاتودا، بە پێچەوانەی ئەو بانگەشەباوەی، کە ئێستا هەیە دەڵێ زەوی گەرم دەبێ. خێرت فیڵدەرز، سەرۆکی پارتی ڕاستڕەوی نەژادپەرستی هۆڵەندی(پارتی ئازادی) وێنەکەی لە پەیجی خۆی بڵاوکردۆتەوە، داوا لە لایەنگرانی دەکا بە درۆی گەرمبوونی زەوی هەڵمەخەڵەتێن، تەنیا بانگەشەیە و پارە لە گیرفانی هاوڵاتی دەرهێنانە. دەڵێ پارتەکان لە ساڵی 1970 دەیانگوت زەوی سارد دەبێت، ئێستا دەڵێن گەرم دەبێت.

موزەفەر جەعفەر

# بە هۆرەی کام کێو ئاشنای، دووەم دیوانە شیعری مامۆستا عەبدوڵلا کەریم مەحمود..... ئامادەکردنی: سالح هەلاج







ئەمە ناونیشانی دووەم کۆمەڵە هۆنراوەی برای شاعیر و هەست ناسک (عەبدوڵلا کەریم مەحمود ڕەباتی)یە، ساڵی چاپکردنی 1984، شوێنی چاپ– بەغدا چاپخانەی حوادث، سەرپەرشتیاری کۆمەڵە شیعرەکە (مامۆستا محەمەدی مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس)، ژمارەی سپاردنی لە کتێبختانەی نیشتمانی (1170) ساڵی 1984ی پێدراوە، شایانی باسە یەکەم کۆمەڵە شیعری مامۆستا عەبدوڵلا کەریم، (مژدانەی شەکراوێکی تاڵ)، ساڵی ١٩٧٧ لە چاپخانەی ڕاپەڕین لە سلێمانی چاپکراوە. ڕۆژگارێک بوو ڕژێمی بەعسی لە ناوچوو، تاکە بکوژ و ببڕی هەموو عێراق و کوردستان بوو، بە شێوەیەک زاڵ بوو بە سەر تەواوی نیشتماندا، ژنی لە پیاوی خۆی و کوڕ و کچ لە دایک و باوک و باوک و دایک لە جگەرگۆشەکانی خۆی خوشک لە برا و برا لە خوشکی کرد بوو، بە سیخوڕو جەلادی سەری یەکتری، هەموو وشەو کردار و جموجوڵێک بە دژی ئەو ڕژێمە کوشتن و بڕین بوو. ئەوەی مرۆڤی بە ئازادی دەبینی تەنها چیاو شاخ و پێشمەرگە و لولەی چەک و قوربانی دانی ڕۆڵە خوێنگەرمەکانی بوو ، کە سنگی خۆیان کردبوو، بە سوپەری نیشتمان و بانگی ئازادیان دەچڕی، لەوەها ڕۆژێکدا شاعیرێک لە کوردستانی بن دەستی ئەو ڕژێمە فاشیستەدا، بە کۆمەڵە شیعرێک بە ڕووی ئەو دەسەڵاتەدا دەوەستێتەوە و چالاکی پێشمەرگەکان دەکاتە بورکانێک و بە وشەی ئاگرین بەرەو ڕوویان دەبێتەوە. بە تەواوی مانگی 10 ی ساڵی 1983 دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی گەرمیان، بە سەرپەرشتی (شەهید دلێر جاف و کاک عەلی شەهید محەمەد و کاک سەلاحی کوێخا، (سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیانی ئێستا)، لە یەکی لە شەوە گەرمەکانی ئەم گەرمیانە گڕو کڵپەیەدا هەڵدەکوتنە سەر یەکێ لەو لوتکانەی ناوچەی گەرمیان، لە نێوان کەلار و شارەدێی باوەنور، بەرانبەر گوندی قولەسوتاو، کە سوپای داگیرکەر کردبووی بە سەنگەر دژی خەڵکی کورد، ئەو لوتکەیە بە (قولە ڕووتەکە ناسراوە)، واتە هیچ پەناو پەسێوییەکی تیدا نەبووە، بۆ هەر سەنگەر گرتنێک بەرانبەر دووژمن، سەنگەرێک چواردەوری بە چاڵی توند و تۆڵ و سەرەڕای بە تەلەدڕکی چوارمێخەدرابوو، پێشمەرگەکانی کوردستان بێ سڵکردنەوە لەو هەموو سەربازو چەکە پێشکەوتوو، سەنگەری توندو تۆڵ و تەلە دڕکیانە، سنگیان دەکەن بە سوپەر و لە شەونخوونیدا پەلاماری هێزەکەی دوژمن دەدەن، لە ماوەی کەمتر لە 10 خولەکدا بە تەواوی دەستدەگرن بە سەر ئەو سەنگەردا و هەرچی سەربازی تێدابوو بە دیل دەگیرێت و سەر هەرچی چەک و تەقەمەنی تێدابوو، لە کۆڵی دەنێن و دەگەڕێنەوە بۆ باوشی ناوچە ئازادکراوەکان، لەو شەڕەدا (کاک سەلاحی کوێخا) بریندار دەبێت، ئەویش لە خۆشی ئەو سەرکەتنە هەست بە ئازار و خوێن بەر بوون ناکات. من مامۆستا عەبدوڵلا کەریمم ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوو ناسی، کە مامۆستا بوو لە گوندی تازەدێی گەرمیان. چەندین جار لە گەڵ من و کاک کوردۆ قاسمدا کۆبۆتەوە، لە وانەکانی خوێندنیشدا خوێنکارەکانی بە سروود و مێژووی کوردو کوردستان ئاشنادەکرد، لە چالاکی قوتابخانەیشدا دەیان چالاکی کوردایەتی بۆ خوێنکارەکان نمایش دەکرد. مامۆستا عەبدوڵلا چەندین جار هەواڵی لە سەردراوەتە دەزگاکانی ئەمنی بەعس و ژیانی ڕووبە ڕووی مەترسی بۆتەوە.




هەروەها خاوەنی چەندین دیوانی شیعری و دەیان گوتاری ئەدەبی و بابەتی ڕۆژنامەوانییە و خاوەنی دوو بەرگ کتێبی چەند هەزار لاپەڕەییە بەناونیشانی (ڕەشەبای ژەهر و ئەنفال)، هەروەها هەندێ لە شیعرەکانیشی کراون بە گۆرانی.

مامۆستا عەبدوڵلای شاعیر لە کومەڵە شیعری (بە هۆرەی کام کێو ئاشنای)، لاپەڕە (19)لەم کۆمەڵە شیعرەدا بە ناونیشانی(یاد نامەی چیایەک)، کە بۆ ئەو چالاکییەی پێشمەرگەکانی دەڵێت:

(( یادنامەی چیایەک))

کات دوو نیو بوو... پۆلێ هەڵۆ لە چوار لاوە
سنگیان لە سنگی چیا گیرکرد!!
هەناگاویان نا ... تا گەیشنە جێ نەخشەیان
هەر لەوێدا یەک لە دوای یەک
لە چوار لاوە لێی دامەزران
لە لوتکەدا بازنەیە
پۆستاڵ ڕەشی قێن هەڵگرتوو!!
ویژدان مردوو! وەک کولانەی سەگ لێ مۆڵ بوو
چوار دەوریان گۆڕچییەدراو، لە سەر هەستن!!
کە هەڵۆی سووری ئارارات
بورکانی ئاگریان هەڵڕشت
گڕی قینی پیرۆزیان ڕشت
بروسکەی هەڵمەتی هەڵۆ!! چەخماخەی دا ...
تا سەنگەری ویژدان مردوو
هەموو ڕووخا بە سەر یەکدا !!
کات یانزە بوو ...کە هەڵۆی سوور
هەڵیان کوتایە جێ بورکان چەند پارچەیان
گوللە بارووت کردە کۆڵ و
سێ یەخسیریان پێش خۆیاندا و
بە لوتکەدا هەڵگەران
بەڵام سنگی ئەرخەوانی هەڵۆیەکیان
فوارەی خوێنی وشک نەبوو
هەتا لاشەی ساردو سڕیان
کردە کۆڵ و بەرو ... ئاسۆ گەڕانەوە

1983

# برایەتی و هەستی مرۆیی لەسەر بنەمای درۆ و ساویلکەیی بنیات نانرێت..!

## شەهیدی فڕۆکەوان ئایدن مستەفا و کۆمەڵکوژیی هەڵەبجە

## درود و نەمری بۆ شەهیدانی ڕێگەی ئازادی تێکڕای گەلانی ئازادیخوازی دنیا..




تکایه لەسەر ئاستێکی فراوان شەیری بکەن بۆ ئەوەی ڕاگەیاندن و مێدیایی کوردی، بە یەکجاری ئەم ڕاستییەی بۆ ڕوون ببێتەوە و هەموو ساڵێک لەم ڕۆژانەدا ئەم هەواڵە ناڕاستە دووبارەی نەکاتەوە و کاتی خۆی پێوە بەفیرۆ نەدات.



بەکر شوانی

ئەوە چەند ساڵێکە لەم کاتەدا هەندێک لە مێدیاکانی کوردستان و بەتایبەتیش کوردێکی زۆر لە فەیسبووک فڕۆکەوانێکی تورکمانی لە سێدارەدراو، بە ناوی (ئایدن مستەفا) لە کورد دەکەن بە پاڵەوان، لە پای ئەوەی گوایە بەشداریکردنی لە بۆردومانکردنی هەڵەبجەدا ڕەتکردووەتەوە. چ بنەماڵەی ئایدن مستەفا و چ تورکمانەکانیش خۆیان ئەو هەواڵە ڕەتدەکەنەوە و جەخت دەکەنەوە، کە ناوبراو ساڵی ١٩٨٧ دەستگیرکراوە و لەسەر کێشەی تورکمان لە سێدارە دراوە. پێموایە دەبوایە پەردەیەک بەسەر ئەم بابەتەدا بدرێت و چیدی هەڵنەدرێتەوە، چونکە بە سوربوونمان لەسەر ئەوەی گوایە ئەو بەڕێزە بە تاوانی بەشداری نەکردن لە بۆردومانی هەڵەبجەدا لە سێدارەدراوە، سادە و ساویلکە دەکەوینە بەرچاوی ئەوانی دی و ئەم هەوڵە، هیچ سوودێکی نابێت بۆ بنیاتنانی برایەتی لە نێوان کورد و تورکماندا، چونکە لە بناغەوە بانگەشەیەکی درۆیە و دووره لە ڕاستییەوە.




د. فوندای کچی فڕۆکەوان (ئایدن مستەفا)، کە هەر لە منداڵییەوە لە تورکیا دەژی، شەش ساڵ لەمەوبەر لە ڕوونکردنەوەیەکدا بە زمانی تورکی هەبوونی هەر جۆرە پەیوەندییەکی باوکی خۆی بە بۆردومانکردنی هەڵەبجەوە ڕەتکردۆتەوە. من هەر ئەو ساڵە بە نامەیەک داوام لێ کرد مۆڵەتم بدات ڕوونکردنەوەکەی بکەم بە کوردی و ئەویش بە مەرجی دەستکاری نەکردنی ناوەڕۆکەکەی، مۆڵەتی پێدام.

---------

وا لای خوارەوە جارێکی تر، دەقی ڕوونکردنەوەکە دەخەمە ڕوو:
لە بنەماڵەی شەهیدی فڕۆکەوان ئایدن مستەفا –وەوە چاوەڕێی وەلامێک دەکرێت. هەڵواسینی پۆستەرێک، لە چەند ڕۆژی ڕابردووا پاڵی بە هەندێک کەسەوە ناوە، بەرەو بیرکردنەوەی جۆراوجۆر. من تازە بەو بابەتەم زانیوە. با دۆخەکە بۆ ئەو کەسانەی کە وەک من لە کەرکوک ناژین، پوخت بکەمەوە: لە کەرکوک پۆستەرێک هەڵواسراوە دەربارەی ئەوەی، کە باوکم لەبەرئەوەی بەشداریکردنی لە کۆمەڵکوژیی هەڵەبجە ڕەتکردۆتەوە، لە سێدارە دراوە. ئەم قسەیە ڕاست نییە. کۆمەڵکوژیی هەڵەبجە لە 1988/3/16 ڕووی داوە. لەو مێژووەدا باوکم لە گرتووخانەی ئەبوغرێب بوو. واتا باوکم پەیوەندی بەو کۆمەڵکوژییەوە نییە. بەڵام باوکم سەرباری ئەوەی ناسیۆنالیستێکی تورک بوو، بواری نەدەدا نارەوایی لە دژی هیچ میللەتێکی تر بکرێت. ئەو بۆردومانکردنی گوندە کوردییە مەدەنییەکانی ڕەت کردبۆوە و بەو هۆیەوە پلەی بەرز نەکرابۆوە و ماوەی 6 مانگ خرابۆوە زیندانەوە. لەو سزایە، کە لە پای خەڵکانی مەدەنیی بێتاوان بەسەریدا سەپێندرابوو، پەشیمان نەبوو، ئەو هەمیشە لایەنی بێهێزەکانی دەگرت. لەم ڕۆژانەدا کاتێک بابەتەکە دیسان هاتۆتەوە ناو باس، من بەشێوەیەکی ئەرێنی پێشوازی دەکەم لە ناوهێنانی مرۆڤێکی پایەبەرزی وەک باوکم. سوپاس بۆ هەرکەسێک، کە یادی باوکم دەکاتەوە و لە بیری ناکات و ناهێڵێت لە بیر بکرێت. 29 کانوونی یەکەمی 2013 یادی 25 ساڵەی لە سێدارەدانی باوکمە. ئومێدم وایە میللەتی تورکمان ڕێزێک لە باوکم بگرێت کە شایەنییەتی.

د. فوندا ئایدن مستەفا

## ڕێی بەرەو ئاســـــمان:
## چیرۆکێکی پەندئامێزی نووسەرێکی نەناسراوە
## م. ئـــارام لە زمانی ئەڵمانییەوە کردوویەتی بە کوردی.



**م. ئارام**

کابرایەک و ئەسپەکەی و سەگەکەی، بۆ گەڕان بە جادەڕێیەکدا دەڕۆیشتن. کە بە نزیک درەختێکی گەورەدا تێپەڕبوون، هەورەبروسکەیەک لە هەرسێکیانیی دا. بەڵام کابرا بەوەی نەزانی، کە ئیتر ئەم دنیایەی بەجێهێشتووە و لەگەڵ هەردوو ئاژەڵەکەی ڕێی گرتەوەبەر.

جاری وا هەیە مردووەکان، هەندێک کاتیان پێویستە، تا لەوە بەئاگادێنەوە لە چ بارێکی نوێدان. ڕێی گەڕانەکە زۆر دوورودرێژ بوو، هەوراز و نشێو بوو، خۆر دەگڕا، ئەمان هارەشیان* دەردەدا و تینوویان بوو. لە پێچەڕێیەکدا دەروازەیەکی مەڕمەڕیی جوانیان بینی، کە دەچووەوە سەر شوێنێکی زێڕڕێژ، سەرچاوەیەک لە ناوەندیدا بوو، ئاوێکی ڕوون و ڕەوانی لێ هەڵەقوڵایە دەرەوە.

کابرای گەڕۆک چووە لای ئەو پیاوەی دەروازەکەی دەپاراست.

"ڕۆژباش".
"ڕۆژباش"، دەرکەوانەکە وەڵامی دایەوە.

"ئێرە ئاسمانە! ئای کە باشە، هاتووینە ئاسمان، چونکە زۆر تینوومانە". "حەز دەکەم بێنە ژوورەوە و چەندتان دەوێت، ئەوەندە ئاو بخۆنەوە"، دەرکەوانەکە ئەوەی گوت و ئاماژەی بۆ سەرچاوەکە کرد. "ئەسپەکەم و سەگەکەشم تینوویانە.

"بە داخەوە"، دەرکەوانەکە گوتی. "ڕێ بە ئاژەڵ نادرێ بێنە ناوەوە".

کابرا دڵی ڕەنجا، چونکە زۆر تینووی بوو، بەڵام نەیدەویست هەر خۆی ئاو بخواتەوە. سوپاسی دەرکەوانەکەی کرد و ڕێی گرتەوەبەر. دوای ئەوەی بە چیایەکدا زۆر هەڵگەڕان، هاتنە شوێنێک چەپەرە کۆنێکی هەبوو دەچووەوە سەر ڕێیەکی گڵی پێشێلکراو، کە ئەملاولای بە درەخت گیرابوو. لە سێبەری درەختێکدا پیاوێک ڕاکشابوو، شەپکەکەی لە ناوچاوانی توند کردبوو و لەوە دەچوو نووستبێ.

"ڕۆژباش"، کابرای گەڕۆک گوتی. پیاوەکە تەکەیەکی بە سەری کرد.

"زۆر تینوومانە، ئەسپەکەم، سەگەکەم و من".

"هۆ لەوێ، لە نێوان بەردەکاندا کانییەکی لێیە"، پیاوەکە گوتی و ئاماژەی بۆ جێیەکە کرد. "دەتوانن بە ئارەزووی خۆتان ئاو بخۆنەوە".

کابرا و ئەسپەکە و سەگەکە چوون بۆ کانییەکە و تینوێتیی خۆیان شکاند. کابرای گەڕۆک جارێکی تر سوپاسی کردەوە. "کەی ویستتان..؟ وەرنەوە"، پیاوەکە وەڵامی دایەوە. "ئەرێ ئەم شوێنە ناوی چیە؟" "ئاسما"، "ئاسمان؟ بەڵام خۆ دەرگاوانی دەروازە مەڕمەڕییەکە پێی گوتم، کە ئەوێ ئاسمانە". "ئەوە ئاسمان نەبوو، ئەوە دۆزەخ بوو". کابرای گەڕۆک سەری ماسابوو. "ئێوە دەبێ ڕێ بەوە نەدەن، ئەوان ناوی ئێوە بەکار بهێنن! ئەو زانیارییە هەڵەیە دەبێتە مایەی ئاڵۆزپڵۆزی"! "بە هیچ جۆرێک نا. لە ڕاستییدا ئەوان چاکەیەکی گەورە لەگەڵ ئێمە دەکەن. چونکە هەموو ئەو کەسانە لەوێ دەمێننەوە، کە لە دەستیان دێت، باشترین هاوڕێی خۆیان دەستخەڕۆ بکەن".

*****

*هارەش: ئارەقەی لەش.

ئەڵمانیا – ٢٠١٩.٢.٢٢

## کۆچی دوایی هونەرمەندی شێوەکاری کورد
## مامۆستا حسێن عەبدوڵڵا



مامۆستا حسێن عەبدوڵڵا

(١٩٤٠ – ٢٠١٩)

ئاشتی گەرمیانی .. هۆڵەندا

مانگی پێشوو ڕێکەوتی ١٦ /٢ /٢٠١٩ یەکێک لە هونەرمەندە شێوەکارە ناسراوەکانی شاری هەولێر، مامۆستا (حسێن عەبدوڵڵا) لەتەمەنی ٧٩ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

هونەرمەند حسێن عەبدوڵڵا، یەکێکە لەو کەسایەتیانەی، کەلە دامەزراندنی پەیمانگای هونەرە جوانەکان لە شاری هەولێر لەبەشی شێوەکاری دەست بەکاربووە و سەرۆکی بەشی شێوەکاری بوو، لەساڵی ١٩٩٣ کاتێک مامۆستا بووم لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان بەشی پەیکەرسازی، ئەوکات ئاشنایەتیم لەگەڵ ئەم هونەرمەندە ناسراوەدا پەیدا لە نزیکەوە کرد، بەڕاستی مرۆڤێکی ڕاست گۆو سەرسەختی هونەری شێوەکاری کوردی بوو، بێگومان ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدا و کارو چالاکی ئەو سەردەمەی کارتێکراوی بیری ئەکادیمیای ئەو هونەرمەندە بوو، کارە هونەریەکانی زۆر بوون لە کاری ڕۆنی، ئاوی وهێڵکاری، وێنەی ئەسپ، لەش ولاری ئاژەڵ گرنگی یەکی هەبوو بۆ مامۆستا و هەروەها سروشتی کوردستان و کەلتووری کوردستان نمونەی زیندووی کارەکانی بوو. نمونەی مرۆڤێکی ناسک و بەتەمەن ئەزموون لەگەڵ جیهانی هونەری شێوەکاری کوردیی، خاوەن بیرو هزرێکی تایبەت بووم بۆ پێگەیاندنی قووتابیان مامۆستایان، ئەزموونی من زۆر کورت بوو لەگەڵ مامۆستا حسین لە دوایی ئەو هەموو ساڵە، بەڵام جێگە پەنجەی ئەو هونەرمەندە ناسراوەی شاری هەولێر دیارو بەرچاوبووە، بۆ خزمەتی هونەری شێوەکاری کوردیی.

# چالاکییەکی ڕێکخراوی ماڵی کورد لە ئایندهۆڤن لە یادی 31 ساڵەی کیمیاباران و جینۆسایدی هەڵەبجەدا




سالیادی تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجە

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٣/١٦ لە شاری ئایندهۆڤن ڕێکخراوی ( ماڵی کورد لە ئایندهۆڤن ) مەراسیمێکی پڕ شکۆی بۆ ساڵیادی تاوانی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە ڕێکخست لە ژێر دروشمی ( هەڵەبجە بەردەوامی کۆمەڵکوژی میللەتێك ) .

سەرەتای مەراسیمەکە بە ساتێك وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدان و دواتر ووتەی ماڵی کورد لە ئایندهۆڤن بە هەردوو زمانی کوردی و هۆڵەندی خوێندرایەوە ، دواتر مامۆستای گەوە سەلاح ڕەئوف یادگاری یەکی خۆی گێڕایەوە لەسەر هەڵەبجە و بەدوایدا بەشێك لە بەرهەمە ناوازەکەی مامۆستا سەلاح ڕەئوف ( گۆڕستانی چراکان ) پیشاندرا ، بەشێکی تری مەراسیمەکە خوێندنەوەی شیعر بوو لە لایەن هەردوو شاعیری بەرێز خاتوو ( دڵسۆز حەمە ) و خاتوو ( کەژاڵ نوری ) .

بەشی سێهەم شانۆگەری یەکی مۆنودراما ( سۆراخی ڕۆحێکی ونبوو ) لە میانەی پرۆژەی هەر ڕۆژەی ژنێك لەیەن هونەرمەندی ناسراو خاتوو ( میدیا ڕەئوف بێگەرد ) کە لەوڵاتی دانیمارکەوە بانگهێشت کرابوو .

لە کۆتاییدا سوپاسنامەی ( ماڵی کورد لە ئایندهۆڤن ) پێشکەش بە بەشداربوان کرا .






# پەندی پێشینانی نەتەوەکان، پەندە نێونەتەوەییەکان
# پەرتووکێکی نوسەری هۆڵەندی (خێرد دە لێی)

**وەرگێڕانی لە هۆڵەندییەوە:بەختیار شەمەیی**

بەشی چوارهەم: پاشماوەی ژمارە 33

**پەندی ئەفریکایی:** لەسەگەکەی خۆت بدە، سەگەکانی تر لێت دوور دەکەونەوە.

راوکردن و هاوارکردن، پێکەوەناگونجێن.

کەسێک هەمیشەهاوار بکات، هیچ کەسێک گوێی لێ‌ناگرێت.

هەر ریگایەک ون بکەیت، شارەزای دەبیت.

**پەندی ئەفگانی:** دڵ بۆ هەر شوێنێک بچێت، پێیەکان دوای دەکەون.

هەموو درەختێک بەبەهێزیی رەشەبا ئاشنایە.

کەر دوو هاورێی هەیە، کەدوو قاچەکەی پشتەوەیەتی، جووتە.

ئەگەرچی خوا بەدەسەڵاترینە، بەڵام هەرگیز رێگا نادات باران لەئاسمانێکی ساماڵەوەببارێت.

ئەگەرچی ئاسمان تاریکە، بەڵام ئاوی روونی لێدێتەخوارەوە.

ئەگەر بەپەنجەکانت بتوانیت گرێکوێرەبکەیتەوە، هەرگیز ددانەکانت بەکار مەهێنە.

تەنانەت لەشکرێکی گەورەش، بەبێ سەرلەشکرێکی باش، هیچ نرخێکی نییە.

مرۆڤ خۆی تاوان دەکات، کەچی شەیتان تاوانبار دەکات.

ئەندێشە بۆ هەر مرۆڤێک، پاشایەکە.

دارخورمایەک لەبەر سێبەردا بێت، بەر نادات.

من لەگەڵ دەرگاکەدا ئاخاوتن دەکەم، بەڵام دەمەوێت دیوارەکان گوێیان لێم بێت.

زەنگین ئەو کەسەیە کە بەپارەکانی چێژ لەژیان دەبینێت، نەک ئەو کەسەی کەهەر پاشەکەوتیان دەکات.

گوڵەباخ و درک، هاورێی دڵسۆزی یەکترن.

پێڵاوەکان بەپێیەکانت دەتوانی ئەزموونیان بکەیت، مرۆڤەکانیش لەکاتی تەنگانەدا.

هەر کەسێک سەردانی ئاسنگەر بکات، بەجلوبەرگی سووتاوەوە دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە.

بۆ ژیشک، بەچکەکەی لەرۆنەکەرەنەرمترە، بۆ قەلەرەش بەچکەکەی لەلۆکەسپیترە.

کەپڵنگەکان نێچیر راو دەکەن، چەقەڵەکانیش سوودمەند دەبن.

برادەرێکی دێرین، وەکو ئەسپێکی زینکراو وایە.

باشترین چەک ئەوەیەکەئێستا لەبەردەستدایە.

بێوەژنەکان بەتەنها دەخەون، بەڵام خەو بەهاوسەرەوە دەبینن.

ئەگەر شەراب بەلاش بێت، تەنانەت دادوەریش دەیخواتەوە.

**پەندی ئاسیایی:**

ئەگەر قەرزاری سەگیش بوویت، بەگەورەم بانگی بکە.

هاورێیەکی دێرین، باشترین ئاوێنەیە.

پەندی ئەلبانی:

هەر کەسێک خۆی بۆ درەختێکی گەورەبچەمێنێتەوە، هەمیش دەتوانێت لەبەر سێبەردا بێت.

بۆ مشک، پشیلەشێرە.

**پەندی ئەرمەنی:**

بەدانەوێڵەدەتوانیت باڵندەراو بکەیت، مرۆڤیش بەپارە.

سەری مێروولەیەک بیت باشترەلەوەی کەکلکی شێرێک بیت.

مرۆڤ سێ گوێچکەی هەیە، یەکێ لەراستیەوەو یەکێ لەچەپیەوەو یەکێکیش لەناو دڵیدا.

ماوێتی

## چەکی دەستی هەندێك لە پیاوانی باوەڕدار ئاینە.
## بۆ دەستبەسەرکردنی ژن و مانەوەی لە کونجی ماڵەوە ...!

# پیاو، ئاین، ژن.

چەکی دەستی هەندێک لە پیاوانی باوەڕدار ئاینە، بۆ دەست بەسەرکردنی ژن و مانەوەی لە کونجی ماڵەوە، لە هەمان کاتیشدا خاڵی کردنەوەی حەزەکانی خۆی، بەپێی ئەو یاسایەیە، کە لە ئاینەکەیدا دەست نیشانکراوە بۆی، وەک پیاو. واتا ژن کێڵگەیەو پیاو جوتیار، بە کوردی و بەکورتی، پیاو تەنیا کاری کێڵانە و تۆو وەشاندنە. ئێستا ڕێک لە لایەن هەندێک لەو پیاوانەوە، ئەم دەستەواژەیە بووە بەکردار و ڕۆژانە جێبەجێ دەکرێت، ژنانیان پێکردوە بە کۆیلەی خۆیان، وا هێدی هێدی خەریکە شۆڕ دەبێتەوە بۆ ناو هەموو خێزانەکان، چ لە شار و چ لە دێهات. ئەگەر هەموو ڕۆژێک دانیشت باسی نەهامەتی کورد و سەر لێشێواویی کورد بکەین، لەسەر بێ دەوڵەتی و خاک داگیرکراوی و ئەقڵ داگیرکراوی، ئەوە نابێت تاکی کورد درێغی بکات و دەبێت قوڵی هیمەتی لێ هەماڵێت و هەموو بەدبەختییەکان بنوسینەوە، پەنجە لەسەر هەموو برینەکانی خۆمان دابنێێن و بیدەین بە گوێی نەوەکانی ئێستا و داهاتوومان. ژنانی کورد لە یەک لاوە توندوتیژییان بەرامبەر ناکرێت، بەڵکو لە چەندین لاوە ڕووبەڕووی زوڵم و ستەم دەبنەوە. لە وڵاتانی دنیا ژنان بە ڕێژەیەکی زۆر کەم، لەلایەن خێزان و دەسەڵاتدارانەوە زوڵمیان لێدەکرێت و ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە. بەڵام لە کوردستانە داگیرکراوەکەی ئێمەدا، لە چەندین لاوە ژن دەیکوژن و سەرکوتی دەکەن، بە هۆی ئەو باردۆخە سیاسییەی، کە لە ناوچەکەدا هەیە، یەکەم کە کوردە، دووەم کە ژنە. ئەگەر ئاماربەندی و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا، بزانین بیروهزری کوردایەتیمان بە هێز و کاریگەرترە، یان بیری ئایدۆلۆژیا، ڕەنگە بیری ئایدۆلۆژیا لە سەدا نەوەد بێت. چونکە بەپێی ئەم کردەوانە، ڕۆژانە بەرگوێمان دەکەوێت و لێرەولەوێ، کە ژنان چەندە دەچەوسێنرێنەوە لەلایەن پیاوانی باوەڕداری ئاینی ئیسلامەوە و چەند نارەواییان بەرامبەر دەکرێت، لە ژیانی ڕۆژانەیاندا، چ لە ناو خێزان، چ لە دەرەوەی خێزان، واتا لە دامودەزگا حکومی و ناحکومیەکانەوە، یان لەسایەوسێبەری هەندێک حیزبی توندڕەوەی ئیسلامیەوە، کە ئێستا تۆوی نادادپەروەریان لە کۆڵان بەکۆڵان و شار و شارۆچکەکانی هەر چوار پارچەی کوردستاندا وەشاندوە، وەک ژەهر بڵاوبووتەوە بە بیر و ئەقڵی تاکی کوردا. نموونەی ئەو پیاوانە زۆرن لە ژێر ناوی ئیسلام و بە پێی حەدیس و وەسفی ئایەتەکان دەجوڵێنەوە و مامەڵە لەگەڵ ژن و کچەکانیاندا دەکەن.

زۆرن ئەو ژنانە لە ژیانی هاوسەرییاندا بۆ یەک جاریش حەزی سێکس و وروژاندنی سێکسیان نەبینیوە، یان نازانن، لە ڕوانگەی ئەو ژنانە، کە هەندێک لەو پیاوانە بەمشێوەیە، مامەڵەیان لەگەڵ کردوون، پێیان وایە ژن دەبێت بەپێی ئەو یاسا ئیسلامیە بێت، کە پیاوەکە لە یەکەم




ڕۆژی هاوسەرگیریدا بە گوێیدا چرپاندووە و هێڵێکی سنورداری بۆ دیاری کردووە و پێی گوتووە، تۆ وەک ژن تەنیا چێژ دەبەخشیت، چێژ وەرناگریت و سوار دەبێت هەر سوار بێت. یان پێچەوانەی پیاوانی ئیسلامیش، عیلمانیش هەیە ئەو کردارەی نیشانداوە، لە بەرامبەر هاوسەرەکەی و تەنیا هەوەس و کەفوکوڵی خۆی لا گرنگە، دای بمرکێنێتەوە و دواییش چایەکی تاڵ نۆش بکات، پاشان جگەرەیەکی مارڵبۆرۆیشی بۆ داگیرسێنت و ماندوێتیی خۆی دەربکات، لاقی لە سەر لاقی دانێت و مژی دوکەڵی جگەرەکەیش بکات بە سەروچاوی ژنی مردوودا.

چەندین و چەندان چیرۆکی ئەو ژنانە هەیە، کە بەمرۆژگارە مامەڵەی ناتەندروست و تاقەت پرۆکێنیان، لەگەڵ دەکرێت هەر لە ژێر چەپۆکی پیاوی ئیمانداری ئیسلامیدا. ئاخر ژنی کورد، تا لە ژێر سایە و سێبەری ئیسلامدا چەنگ پانکاتەوە، پیاوانی ئیمانداریش لەمە باشتری پێ ڕەوا نابینن.

تا کچی کورد بە پێی یاسای ئیسلام پەیمانی هاوسەرگیر بکەن و لە سەر چەندین و چەندان مسقاڵ زێڕ پەیمان بنوسنەوە، نرخی ژنانی کورد، لە لایەن پیاوانی ئیماندار لەوە زیاتر نابێت. تا پیاوی کوردیش مێشک و هزری لە ژێر چەپۆکی ئیسلامدا بێت و بە بیری خورافاتی دەورو بەرەکەی ڕاگرێت، هەستی نەتەوایەتی و کوردایەتیان لەمە بەهێزتر نابێت. تا بازرگانە کوردەکانیش ئەقڵی عەرەب و فارس و تورکیان لە سەر بێت، نرخی کورد هەر لە خوارە و ناچێتە سەر. تا سیاسیەکانی کورد کورسی ژێری خۆیان لە خاک و نیشتمان و نەتەوەکەیان خۆشتر بوێت و لایان گرنگتر بێت، ناوی کورد تەنیا و تەنیا لە سەر زار دەمێنێتەوە.

## هەرجارەی هونەرمەندێکی کورد



### ئاری میرزا

ساڵی 1969 لە سلێمانی لەدایک بووە، ساڵی 1983–1986 کۆرسی وێنەکێشانی لای هونەرمەندان مامۆستا وەهبی ڕەسوڵ و مامۆستا خالید ڕەسوڵ وەرگرتووە، ساڵی 1986 بە 25 تابلۆ بەشداری پێشانگایەکی هاوبەشی ئامادەیی سلێمانی کردووە.

ساڵی 1987 —1999 چەندین نوسینی ڕەخنەیی و لێکۆڵینەوە لەسەر هونەری شێوەکاری لە ڕۆژنامەکانی هاوکاری و پاشکۆی عێراقدا بڵاوکردۆتەوە. ساڵی 1987 بەشاری پێشانگای هاوبەشی لە ئامادەیی سلێمانی کردووە. ساڵی1988 پێشانگای تایبەتی لە پەیمانگای هونەری لە مسیب لە بەغداد کردۆتەوە بە 43 تابلۆ .

ساڵی 1989 پێشانگای تایبەتی لە پەیمانگای تەکنیکی تەندروستی کردۆتەوە. ساڵی 1990 پێشانگای هاوبەشی لەگەڵ تەها ساڵح و تابان تاهیر لە مۆزەخانەی سلێمانی کردۆتەوە.

ساڵی 1993 پێشانگای وێنە شیعری بۆ شیعرهکانی جەلالی میرزا کەریم، کردۆتەوە. لە ساڵی 2016 ئەندامی ڕێخراوی KulturQuer Querkultur Rhein–Neckar e.v. لە ساڵی 2017 بەشداری پێشانگای هاوبەشی لەگەڵ هونەرمەندان Bahaiden,Kemal Celik,Cemile Camci. Hilmi Kapan, Mossa Omer لە شاری مانهایم المانیا کردووە. 29.07.2018 لە گەلەری ئاڤێستا بەشداری پێشانگای هاوبەشی هەشت هونەرمەند کردووە، بەناوی (سەمای گل و ڕەنگ) لە شاری ئۆتاوا لە وڵاتی کەنەدا لە لایەن پێگەی ڕۆشنبیری کوردی ئۆتاو. مانگی 10.2018 بە ٤ تابلۆ بەشداری کردووە، بە ناوی تاڤگەی ڕەنگ لە پێشانگای کتێبی نێو دەوڵەتی لە فرانکفورت لە ئەڵمانیا.

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کارە هونەرییەکانی بڕوانە ئەم لینکە:
https://www.facebook.com/mirsa.ary/photos_albums








# تاراوگە

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA

E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam
Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807